شاوشە

سەید مادیح پیریوونسی
(تاران)

بێجگە زەریا
وشـەیەکی دیکە هـەیە زەریایە
بێجگە هـەتاو
وشـەیەکی دیکە هـەیە
کە گەرما و تینی تێدایە
بێجگە موزیک
وشـەیەکی دیکە هـەیە
کە تەجەسـومی نەوایە
ئاخر چی بکەم؟
لـەناو قامووسـی دڵمدا
تەنیا یەک وشـەی تێدایە
ناوەکەی تۆ
ئەی میهرەبانم ئەی دایە

دڵ

ئەی خۆزگە ئازیز دڵی تۆ
لە جیاتی بیابانێک
چیا و چۆڵ و پانوپۆڕ
هـەنارێک بوایە
منیش لە جیاتی ڕێبوارێک
ماندوو و ئەوداڵ
دەبوومە دەنکە هـەنارێک
هێدی و بێ دەنگ
تا هـەتایە تیا دەنووسـتم

وەرزەکان

لە دوای بینینی
لێشـاوی فرمێسـکێکی وەک بەهـار و
کوورەی دڵێکی وەک هـاوین و
تابلۆی ڕوویەکی وەک پاییز و
زریانی ئاهێکی وەک زسـتان

ئیتر هیچ ڕەنگێ لە ژیاندا تازە نییە
بێجگە ڕەنگی وەرزی مردن

خەمەکانم

١- "خەمەکانم"

تۆ پێت گوتم
لە خەمەکانم بۆت بڵێم
من پێم وتی
چۆن بۆت بڵێم؟
خەمەکانم نابیسرێن
خەمەکانم نانووسرێن
خەمەکانم وەک جلی پرسە ڕەشن
ئەشێ بێیت و لەبەریان کەی
خەمەکانم وەک قەسیدە درێژن
مەگەر بێیت و لەبەریان کەی
خەمەکانم وەک قوڕی ڕەشی خەستن
تۆپەڵ تۆپەڵ ئەشێ ئارام
بیانگری و بەسەریان کەی
من ناوێرم خەمەکانم بەگوێی تۆدا بچرپێنم
چون ئەوەندەی دڵتیان کرد بە هێلانە
تا هەتایە ناتوانی لەوێ دەریان کەی

٢- "پەیکەرەکان"

هەموو جارێ لە دوای ئەوەی زویرم ئەکەی
لە سەهۆڵی ڕەق و چیاوی ناو دڵی خۆم
پەیکەرێکت لێ ئەتاشم
کە دڵ هەرگیز لە یادە گەرمەکانی تۆ
بەتاڵ نەبێ
جار بەجاریش کە ئەمدوێنی
بەڵام دێڕ دێڕ
خۆری نیگام پێ ئەنوێنی
ئەوسا ئیتر، لافاو لەدڵ هەڵئەسێنی
ئەو لافاوە، گشت خەمەکان ئەسڕێتەوە
ئیتر تۆ پرسیار مەکە و
مەڵێ جێگەی سەرسووڕمانە
ئەو لافاوە پڕ لە ئاوات و ژیانە
لە بەرهەمی توانەوەی، پەیکەرە سەهۆڵەکانە

٣- "دواییین هەنگاو"

هەرچەن دەیگوت: من سەرمامە
من پێم دەوت:
خۆ ڕابگرە ڕێگە دوورە
هەرچەن دەیگوت: هێزی ئەژنۆم لا نەماوە
من پێم دەوت: سەبرت ببێ ڕێگە دوورە
پێمی دەوت: تۆ دڵنیای ڕێگەمان لێ ون نەبووە؟
من پێم دەوت: دڵنیابە، من شارەزام، ڕێگە دوورە
ئێستە لە دواییین هەنگاوا
کە زانیومە هەڵە هاتووم
چۆن پێی بڵێم ئەی هاوڕێکەم
من هەڵەم گوت، لێم ببوورە